www.kurdistannet.org

# ٢٠ دەقیقەکە بووە ١٥٠ دەقیقە

سالْح محەممەد ئەمین

لە شوباتی ١٩٨٩داو دوای سالە قات وقرییەکەی کوردی باشوور، بە خێزانی سەردانێکی شاری بەغدای پایتەختی زوحاکی سەدەی بیستەمی دەست بە خوێن سووری نەتەوەکەمانمان کرد. لەو سەردانەماندا، وەک هەموو کوردێکی دی، ئاسایی نەبووم و لە گێژاوی بیرکردنەوەی ئەو ووشە ناهەموارانەدا بووم کە لەناکاو، زەروو ئاسا بە مێشک وناخماندا نووساو بِرواناکەم کەسێک، لەهەر کات وساتێکدا لەباوک و دایکێکی کورد بکەوێتەوە، ئەنفال، کِیمیاباران، هەڵەبجە، قەرەداخ، بالیسان، بادینان وهەموو ناوچە بە گازی ژەهراوی تاساوو لەرِەگوریشە دەرهێنراوەکان و،١٨٢هەزار مرۆڤی رِاپێچکراو بەرەو چارەنووسێکی نادیاری پێلەبیربکرێ.. لەو بارە پەشۆکاوییەمدا دستمبرد لەناو هەموو کتێبەکانی کیتێبخانەی برادەرەکەمدا، دەلیلی تەلەفۆنم بەدەستەوە هات، هەر کە کردمەوە، ناوەکەی بە چاومدا چەقی. ئیتر وەک یەکێک دەستم بگرێ وژمارەی تەلەفۆنەکەییم پێبابدا. کە لەو سەرەوە وەلامدرامەوە، لێشاوە دەنگێک لە گەرووەمەوە دەرپەڕین، ئەگەرچی قسەکان ئاسایی بوون بەلام دلْنیام کابرای تۆقاند، بۆیە بێئەوەی لە ناو بپرسێ: "دەقیقە"یەک لەدەمی دەرچوو. ئەمجارەشیان هەمان لێشاوە دەنگ ناوی منیان بەگوێی خاوەن مەبەستدا داو داوای چاوپێکەوتنیان لێکرد، ئەویش پەشۆکاو لەهۆی چاوپێکەوتنەکەی پرسی! گورِم بەخۆم داو پێشم لەلێشاوەکەگرت، باسی ئەو چەند دەقیقە کەمەم بۆکرد کە لەرِێی برادەرێکی خۆیەوە بەیەکدی گەیشتبووین. دلْنیام نەیزانی کێم، بەلام زۆر لەسەری نەرِۆیشت و بیست دەقیقەی رِۆژی دواتری بۆ دیاریکردم..

بەدەم رِێوەو لە گەرمەی بیرکردنەوەی بیست دەقیقەکەدا پێکەنین دەیگرتم. لەو ماوە کورتەی نێوان مالْی برادەرەکەم وئەودا، هەرچەند سەرم هێناوبرد شتێکی وام بۆ گەلالْە نەکرا بتوانم مەبەستەکەمی پێرِابگەیەنم.. بیست دەقیقە هەر بەشی سەلام وچاک وخۆشی وهەوالْپرسینێکی سەرزارەکیانەیەو، منیش مەینەتی چواریەکی وولاتێکم بەکۆلْەوەیەو دەمەوێ لای کەسێکی وا هەلْیرِێژم، تا لە دوا رِۆژدا گەرگلەییکرا نەلْێ "لە هەمووشت بێئاگابووم وکەسیش نەبووە شتی وای لا باسکردبم!"* ..

کە چووینە ژوورەوە، هێشتا نەکەوتبووینە قسەکردن، ژنێکی هاوتەمەنی خاوەنمالْ، کە چەند کراسە گۆشتێکی زیادەی پێوەبوو، سلاویکردو یەکەم پرسیاریشی سەبارەت خوێندنی کوردی بوو. ئەمجا گازاندەی لە خۆیکرد کە کوردەو کەچی زمانی دایک وباوکی نازانێ، چونکە لە بەغدا گەورەبووە بیری نایە بەکارهێنابێ، پێشی رِاگەیاندین کە "ال عسكر"ە، دوو بووکیشی هەیە هەردووک کوردن ویەکەمیان کوردی چاک دەزانێ ودووەمیشیان سەری لێیدەردەچێ. هەر لەو دەمەتەقێیەدا دەرکەوت نەنکی مێردەکەشی کوردە.

www.kurdistannet.org

دوای کەمێک، خاتو"العسکری" خێزانی خوالێخۆشبوو"جەبرا ئیبراهیم جەبرا"ی وەرگێڕی زۆربەی شانۆگەرییەکانی شکسپیرو خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبی نایاب بە زمانی ئینگلیزی وعەرەبی، خواحافیزی کردو دانیشتنەکەی جێهێشت.. ئێمەش بەدەم چاو قاوەوە کەوتینە قسەوباس بەو هیوایەی لەو بیست دەقیقەیەدا بتوانم زۆرترین بەسەرهاتی بۆ بگێڕمەوە..

مێژووی کوردگەلێک کارەساتی جەرگبڕی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ڕەنگە هیچیان وەک ساڵی١٩٨٨ی کوردستانی باشووری ژێردەستەڵاتی بەعس گورچکبڕ نەبووبن. "سەدام حسێن" لە دانیشتنێکی تەلەفیزیۆنی لەگەڵ ئەفسەرەکانیا، ووتی: "لە شەڕی قادسیەدا دەبێ هەموو عێراقیەک چیرۆکێکی هەبێ". لەوەشدا بەشی کورد، وەک مافەکانیان** لە عێراقییەکانی دی زیاتریان بەرکەوت، چونکە بە سەدان هەزارانیان، نەک چیرۆکێک بەڵکو هەر یەکەو بە دەیان چیرۆکی بەرکەوت و، بەسەرهاتەکانیشیان تا دنیا دنیایە پەڵەیەکی ڕەشە، نەک هەر بە ناوچەوانی ڕژێمەکەوە، بەڵکو بە تەوێڵی هەموو مرۆڤایەتیشەوە.. بۆیە کاتێک کەوتمە قسە، پاڵەوانانی چیرۆکەکان هەر هەموویان، بەزمانێکی پاراوی عەرەبی بێگرێ وگۆڵ، کە تەنانەت برادەرەکانی خۆشم سەرسام ببوون چجای خاوەنماڵ، بەسەرهاتەکانی خۆیانیان لەبری من دەگێڕایەوە.. قسەکانی خۆم چەند ڕستەیەکی دەستپێکردنبوو: (من دەزانم عێراق چییەو دەبێ خەڵکی چۆنچۆنی ڕەفتاری تیادا بکات، بەڵام ئەوەی کە زۆر لێی دڵنیام نە ترسیمە لە ئەدیبێکی گەورەی وەک تۆ، یەکەم. دووەم، هەر لەبەر ئەوەش بە پێویستی دەزانم کە ئێوە دەبێ لەو دڕندەییەی بەرامبەر بە منداڵ و پیرو ژن و لاوی کورد کراوەو دەکرێ ئاگاداربکرێنەوە، تا ڕۆژێ لە ڕۆژان شایەتحاڵی ئەو مەرگەساتەی سەدان هەزار مرۆڤ و زیندەوەربن، بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا بێنە گۆ، من ناڵێم ئێستا قسە بکەن، نەخێر ئەمانە لەوە ناهەموارترن کە کەسێکی ژیر داوای زمانهەڵهێنانەوەتان لێبکات..!) "شاکر فەتاح" قسەکەی لە دەم قۆزتەوەو باسی ئەو پڕکێشییە ئاساییەی بۆکرد، کە لەسەری بەو تەمەنەوەو بەر لە کوشتنی کارێکیان پێکرد مەگەر هە لەبەعس خۆی بووەشێتەوە.. ئەمجا بەدوایدا خاوەن بەسەرهاتەکانی دیش ڕیزیان بەست.. نامەوێ لەم کورتە باسەدا قسەکانی ئەوان بڵێمەوەو، باری دەروونی عومەری خاوەرو هەموو ئەو کەسانە بخەمەڕوو، کە لە بەهاری هەڵەبجەی شیعردا تاسێنران، یان باسی چۆنیێتی داڕووخاندنی یەک بەیەکی ئەوگوندانە بکەم، کە لە هەناسەیەکدا بە دینامێت بران بە ئاسماناداو تەختکران. ناشمەوێ ئەو "عەفوی عامە" باسکەم کە ڕژێم لە ڕاگەیاندنەکانییەوە بۆ خۆ بەدەستەوەدانی ئەو خەڵکە بێچەک وهەژارە پەیتاپەیتا دەیووت وەدەیووتەوەو، کەچی دواجار چارەنووسیشیانی بەوجۆرە لێکرد. خۆناشکرێ باسی بەسەرهاتی ئەو ناوچانە بکرێ، کە لەبەر هەر هۆیەک تاکە فیشەکێکی لێوە تەقێنرابێ، ئەمان چەندین تۆپی کیمیاویان پیادا کێشاونەتەوە.. هاواری بەردرانەوەی ئەو پیرە

www.kurdistannet.org

شوان وگاوانانەش نادەم بە گوێتانا، کە لە ناوچە بەناو قەدەغەکراوەکاندا، لە کۆپتەرەکانەوە بەدیبکرانایە، بۆیان دادەهاتنەوەو هەڵیاندەگرتن و لە بەرزترین شوێنەوە بەریان دەدانەوەو هەپروون بە هەپروون دەبوون..! دەنگی ئەو کیژو منداڵانەی ڕۆژانی ئەنفال، کە لە باوك وبرا دادەبرێنران و، خۆیان بە دامێنی کراسی دایك و ژنانەوە توند هەڵدەواسی، لە بری مۆسیقا کلاسیکییەکەی کاتی گەیشتنمان ماڵەکەی پڕکردبوو، خانووکەیان هێنابووە لەرزە.. کە بەسەرهاتەکانیان بۆ دەگێڕایەوە، بە جۆرێك پەشۆکانبوویان ڕەنگی هەڵبزڕکابوو، نەیدەزانی چی بڵێ وچۆن وەڵامی ئەو بانگەوازانە بداتەوە کە بەم جۆرە بە ڕوویدا دەدرا..

بەرەبەرە دەنگەکان دوور دەکەوتنەوە، ویستی پەشۆکاوییەکەی خۆی بە شتێك داپۆشێ، چونکە ئەوەی کە بەبیریدا نەدەهات کەوتنەوەی ئەم ئاگرە بوو لەماڵەکەیدا، ئاگرێك گەر لێی بێدەنگ بێت دەتەنێتەوەو مێشکی دەتەقێنێ، خۆ گەر بێشتە وەڵام ئەوا نەك هەر خۆی نەنکیشی لە ناو گۆڕەکەیدا ئەنفال دەکرێ.. هەموو تابلۆکێشراوەکانی خۆی و هونەرمەندانی تری سەر دیوارەکانی ژوورەکە کلپەیان سەند، بۆکرووزی ئێسك وگۆشتی مرۆڤانێك ژوورەکەیان پڕکرد، کە لووتی هونەرمەند لە هەموو کەسێکی دی زیاتر هەستی پێدەکات. ئەی ئەوەنییە پێش هەموو شتێك تابلۆکان گڕیان سەند، بڵێسەی ئاگر لە نێوان یەك بەیەکی کتێبەکانی ناو کتێبخانە پڕەکەیەوە شاڵاویان دەهێناو بەر لە هەموو شوێنێکی بە پەنجەیدا چزان، ئەمجا دەموچاویان سوورهەڵگێڕاو چین چین ئارەقی پیادا هاتە خوارەوە.. بۆ هێوربوونەوەی خۆی، دەستی بۆ کتێبێك ڕاکێشاو ووتی:

ـ ئەو کتێبە چەند سەد ساڵێك لەمەو بەر نووسراوەتەوەو هەمان بەسەرهاتی ئێوە، کە دیارە ئێستا دووبارە بۆتەوە، باسدەکات.. شەڕی ئێران عێراقیش گەلێك تواناى تەقاندۆتەوە، سەربازێك لە سەنگەرێکی پێشەوەی بەسرەدا، ڕۆمانێکی نووسیوەتەوە، هیچ ڕستەیەکی نییە بەکوڵ نەمگرییەنێ. پێدەچێ ئەوە یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیی نووسەرەکەش بێت، من لە لیژنەی هەڵسەنگاندندا پلەی یەکەمم داوەتێ!!

ئەمجارەیان خۆم وەڵامدایەوەو پێمووت:

ـ ئەگەرچی بەمە لە باسەکەمان دەردەچین، بەڵام ڕەنگە پێمخۆشبێ ئەم باسەت کردەوە! چونکە ئەو مەبەستەی بۆی هاتبووم، ئەم گلەییەی لە بیر بردبوومەوە. "**جاسم الرصيف**" ڕۆمانێکی لەو بارەیەوە، مەبەستم بۆ "قادسیەی **صدام**" نووسی، بە جۆرێك هەستی نەتەوەکەمانی بریندارکرد کە هەر کەسێك خوێندبێتییەوە مەحاڵە ئەو سووکایەتییەی لەبیر بچێتەوە، کەچی ئێوە خەڵاتی یەکەمتان پێبەخشی، ئەگەرچی ئەو خەڵاتە هەر لایەق بەو جۆرە کەسانەیە. بۆیە ترسی ئەوەم هەیە ئەم ڕۆمانەش کە باسی دەکەیت لەو ئاستەدا بێ. بە هەرحاڵ دەبوا بەر لەوەی خەڵاتی یەکەم بە "**الفصيل الثالث**"ی " **جاسم الرصيف**" بدەن لە خێزانەکەی خۆتت بپرسیبا بتزانیبا ئەوەی ئەو بە کوردی ووتووە ڕاستە یان ناماقووڵییە...

www.kurdistannet.org

دوای دووسەعات و نیو کە ویستمان بڕۆین، ئەو بیست دەقیقەکەی خۆی بیرچووبۆوە دەیویست زیاتر لای دابنیشین.. بەڵام ئێمە خۆمان ڕۆیشتین و بەسەرهاتەکانیشمان لای ئەو جێهێشت..

ڕاپەڕین مەبەستی سەردانەکەی منی پێکاو، کوردقڕانەکەی بەعسی نەک هەر بۆ ئەدیبە عەرەبەکان بە بەڵگەنامە خستەڕوو، هەموو مرۆڤایەتیشی بەجۆرێک ڕاچڵەکاندو کاسکرد کە بە بیردا نەدەهات، کەچی تا ئەمڕۆشی لەسەربێ هێشتا پاڵەوانانی ئەنفال وکیمیا بارانکەرانی کورد نەک هەر ماون بەڵکو لە دەسەڵاتیش نەخراون ودرێخیش لەو بەشەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتیان ناکەن وخەریکی پاکتاوکردن و سڕینەوەی کوردن. دەوڵەتێکیش چییە، بە ئێران و کوێتیشەوە، تا نووسینی ئەم چەند دێرە، بەڕەسمی داوایان نەکردووە سەرانی ئەو ڕژێمە ناهەموارە، لەسەر ئەو هەموو تاوانە بە دادگا بدرێ. لەوەش خراپتر هەندێک خەریکی ڕێخۆشکردنی گێڕانەوەی ئەو ڕژێمە ناپەسەندەن بۆ ناو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، کە ١٠ ساڵ پێش ئێستا لە پێناو بەرژەوەندی زلهێزاندا نەک لەسەر ئەو تاوانانە، کردیانە زۆڵە دەوڵەت و، بە شتێکی پیس کلکیانگرت وتووڕیان دایە دەرەوە.

* ”تالیب شەبیبێ“ وەزیری دەرەوەی عێراقی ماوەی بەعسی یەکەم لە ڕۆژنامەی ”الزمان“ی ژمارە ٢١٤ی ساڵی یەکەمی ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢٠دا، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ: ”ئێمە لە کێشەی کورد بێئاگا بووین کوردیش لەوە بەرپرسیارە کەخۆی پێنەناساندین!!“

** ”سەدام حسێن“زۆر جار ئەوەی دووپاتدەکردەوە کە کورد لە عێراقدا دوو مافی هەیە، یەکەم مافی بەشدارییان لە مەجلیسی تەشریعی ناوچەی حوکمی زاتی و، دووەمیش مافی بەشدارییان لە مەجلیسی نیشتمانی عێراقدا“بەڵام هەرکەسێک لەژێر سایەی ئەو مافانەدا نەژیابێ نازانێ ئەوانە چۆن مافێک بوون.